## تەنها بە ووتار نوسین کێشەکانی کوردستان چارە ناکرێن! ... هیوا بەکر

بە بۆچوونی من یەکێك لە هۆکارەکانی هاتنە کایەی میدیای ئەلکترۆنی ئەو پەندە کوردیەیە کە دەڵێت:
(لە برسا و لە ترسا) ! لە برسا، چونکە برسێتی گەر بە مانا گشتگیرەکەی لێك بدەینەوە، ئەوە هەموو ئارەزوو و خواستەکانی تاکی کورد دەگرێتەوە کە (نان و کار) یەکێکیانە. وە لە ترسا چونکە ئێستا وەك هەموان دەزانین (کۆمەڵە کەسانێکی نادیار بە مەبەست و بێ مەبەست و بە هەڵە و بە ڕاست، شەلم کوێرم ناپارێزم، کەوتونەتە ناردنی پەیامی دژ بەیەك و ناجۆر و لەگەڵ ڕێزم جار جارەش دوور لە ئاکارە شارستانییەکان) بە بیانووی ئەوەی کە گوایە:
ئازادی لە کوردستان دا نییە! بۆیە ئەم بەڕێزانە ناچارن بە ناوی نهێنی و لە پشت پەردەوە ڕاستییەکان دەرخەن.
گەر ڕوونتر بڵێم، کە دەڵێم لە برسا! خوازیارم کە هەڵە لێم تێنەگەن چونکە مەبەستم هەموو نوسەر و ڕۆشنبیرێك و تاکێکی ترە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان برسین! جا برسی ئازادی یا ئایدۆلۆجی یا پارتایەتی وە یان خەڵکێکی ڕەش و ڕووت کە بێ گومان برسی نانن! دیارە مافی هەموو تاکێکە کە لە پێناو تێرکردنی هەر یەك لەم جۆرە برسێتیانەدا هەموو ڕێگەیەکی یاسایی بگرێت. بەڵام کێشەکە لە ترسەکەدایە کە بە داخەوە کۆمەڵە کەسانێك کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدان خەریکە دەیقۆزنەوە و بە خراپ بەکاری دەهێنن! بەڵێ نیگەرانییەکە لەوێوە دەست پێ دەکات و پێویستە بە ڕاستی هەڵوەستەی لە ئاستدا بکرێت، ئەگەرنا ئەوا دەرەنجامەکانی خراپ دەشکێتەوە و دژ بە خواستە ڕەواکان و هاوتەریب لەگەڵ خواستی دوژمناندا دەوەستێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەرکی هەرە گەورەی تایبەت بەم کێشەیەش دەکەوێتە سەر سەرپەرشتیارانی میدیای ئەلکترۆنی کوردی بە پلەی یەکەم، مەبەستم ماڵپەڕە کوردییەکان و ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکانە. پاشانیش میدیای کوردی دەسەڵاتدار لە کوردستان کە خۆیان بواریان بۆ ئەو کێشەیە خوڵقاندووە بە ڕێگە گرتنیان لە بوونی میدیایەکی باوەڕپێکراوی تەواو ئازاد و ڕاستگۆ لە ئاست کێشە لەبن نەهاتووەکانی خەڵکی کوردستان. جا هەر لێرەوە من حەز دەکەم کە دەست پێش خەریەك لەم بوارەدا بکەم و چەند ڕاستییەك بڵێم:
1) نەبوونی ڕایەڵ و هۆکاری پەیوەندی و دایەلۆگی پێویست لە نێوان کوردانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە هۆی کۆمەڵە ئاستەنگیەکی ئاشکرا، وای لە من و لە سەدانی تری وەك من کردوە کە پەنا بەرینە بەر ئەم ماڵپەڕە کوردیانە و لەوێوە هاوخەمەکانی خۆمان بدوێنین و بە داوی تێرکردنی ئارەزووەکانمان دا بگەڕێین! ئەگەرنا ئەوە من وەك خودی خۆم نوسەر نیم و بابەتەکانیشم ئەو ئاستە هونەریە بەرزەی نییە کە شایانی تێڕامان بن، هەروەك ئەمە زۆرێك خەڵکی تریش دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆیان. چونکە ئەوەی ئێستا لە ڕێگەی وێب سایت و ماڵپەڕە کوردییەکان و ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە، ژمارەیەکی بەرچاویان بەدەر لە قسەی هاوولاتییەکی سادە ناکرێت ناوی (ووتار، شاکار، ئەدەب، هونەر، . . . ) لێ بنرێت.
2) ئێستا کێشەکانی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك کە بە نووسینی هەزار دێڕی تری حەماسی و شۆڕشگێڕانەی تر چارەیەك نایەتە بوون و خەڵك ئی دی هەنگاوی کارئامێزی دەوێت. من دڵنیام ئەم چەند دێڕەی من کە ئەگەر (کوردستان نێت) ڕێگەی لەدایك بوونی

پێبدات، تەنها بۆ 12 كاژێر لەسەر ماڵپەڕ دەبێت و دوای ئەوە دەچێتە ڕەفەكانی مێژووەوە، ئەوە لەوەی گەڕێ كێ ئامادەیە چەند خولەكێك بۆ خوێندنەوەی تەرخان بكات؟! تەنانەت ئەوانەش دەیخوێننەوە، دڵنیام تەنها ئاهێك بە دیارییەوە هەڵ دەكێشن و ئەوانیش هەمان پرسیار دەكەن! ئەوەتە من خودی خۆم هەموو ڕۆژێك ژمارەیەك بابەت و پێشنیار و لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی بە نرخی ڕۆشنبیرانی كوردستان دەخوێنمەوە و بەڵام بەداخەوە ئاهێك نەبێت هیچم پێ نابڕێت!

3) ئەی باشە خەڵكی كوردستان ئەوانەی لە ناخی كێشەكەدا دەژین، چی بكەن؟ جووتیارێك كە نەخوێندەوارە، كرێكارێك كە تا ئێوارە بەرد دەكێشێت، فێرخوازێك كە لەبەر بێكارەبایی و كۆششی خوێندنی، بواری تری نییە، ئەو هەموو خەڵكەی لە لادێكاندا كاریان تەنها ڕۆژ بەڕێ كردنە بێ ئاگا لەوەی چی لە دنیای ماڵپەرە كوردییەكاندا دەگوزەرێت!

4) ئێستا ئێمە لە قۆناغێكداین كە چی تر ووتار و ماڵپەڕی ئەلكترۆنی سكی خەڵكی تێر ناكات و جەماوەر داوای هەنگاوی تر دەكەن. بە ڕای منیش ئەو هەنگاوە بەوە دەست پێدەكات كە بەڕێزانی وەك ماڵپەرە كوردییەكان و ڕۆژنامە ئەلكترۆنییەكان و هەموو كەسایەتییە ڕۆشنبیرەكانی كورد بیر لە داهێنانێكی تر بكەنەوە و وەڵامێك بەو پرسیارانە بدەنەوە كە ڕۆژانە خۆیان لە خۆیانی دەكەن! ئەویش ئەوەیە چۆن ڕاستی كێشەكان بگەیەنیتە دەمی مامە پیرەیەكی بە ساڵاچوو لە گەرمیان، یان دایكێكی خاوەن شەهید لە مەسیف! یان و یان و یان.

5) پێشنیارم دامەزراندنی كەناڵێكی ئاسمانی ئازادە لە لایەن كەسانی بە توانا و ڕۆشنبیر و دەوڵەمەندی گەلەكەمان بە تایبەتیش لە ئەوروپا كە مەڵبەندی سەرهەڵدانی میدیای ئەلكترۆنی كوردی بوو، تاوەكو ببێتە مینبەرێك بۆ پێك گەشتن و لێك گەشتن و هەڵوێست وەرگرتنی هەموو كوردێكی ئازاد لەمەڕ هەر كێشەیەكی كوردستان بە بێ جیاوازی و بەبێ خۆشاردنەوە. ئەزانم ڕەنگە خوێنەر بڵێت ئەبێت چ پێشنیارێكی پێبێت! ئەوە نییە ROJ TV هەیە؟! بەڵێ دەزانم بەڵام ئێوەش دەزانن كە ئەو بارودۆخەی ROJ TV ئێشی تیادەكات ڕەنگە نەكرێت بەكار بێت بۆ ئەم مەبەستە. ڕاستییەكەی دەمەوێ بڵێم سوودی چییە كە ڕۆژانە كۆمەڵە خەڵكێكی دڵسۆز وەك مۆم كاتی خۆیان دەسووتێنن لە كاتێكدا لە كوردستان خاوەن كێشەكە بێ ئاگایە لێیان!هەروەك ئەگەر هەموو ئەو بابەتانە بە ڕەنگ و دەنگ بگاتە گوێی خەڵكی من دڵنیام یەكەم بواری خۆ شاردنەوە نامێنێت دووەمیش خاوەن كێشەكە بۆی دەردەكەوێت كێ بە ڕاستی بەرگری لی دەكات.

6) داوام لە كوردستان نێت و هەر بڵاوكراوەیەكی تری ئەلەكترۆنیش ئەوەیە كە گرنگی بەم بابەتە بدەن و هەوڵ بدەن دەنگیان زوڵالتر بكەن و ببنە مینبەرێك بۆ پێكەوە بەستنەوەی كوردە پەردەوازەكانی هەندەران لە لایەك وە گەیاندنی دەنگی ڕاستەقینەیان بە خەڵكی ناوەوەی كوردستان لە لایەكی تر. كە دیارە بۆ ئەمەش هەمان كێشە لە ئارادایە، ئەویش كێشەی نەبوونی كات و كاركردنی بەردەوام و خوێندن و كۆمەڵە ئاستەنگێكی تر كە تەنانەت لێرەش لە ئەوروپا بۆتە ڕێگرێك لەبەردەم ئاشنا كردنی كوردان بە دنیای ماڵپەرە كوردییەكان. جا بۆیە دیسانەوە دەڵێم بەڕێزان تكایە هیمەتێك تەنها ووتارو ماڵپەڕ بەس نییە بۆ بێدار كردنەوەی كوردان. تكایە چی تر ڕێگە مەدەن نەناس و نەدیو لە گۆمی منگدا مەلە بكەن.

هیوا بەكر ئەندامی دەستەی بڵاوكراوەی ئاوێنە لە شاری لیدس/بەریتانیا
hiwa@kurdpost. com
00447753258257